# کاک هەڵکەوت عەبدوڵلاّ و هێرشێکی دڕندانە بۆ سەر د. مەحمود عوسمان.

## هیشام ئاکرەیی

قسە کەلەزار دەرکەوت، کشانەوەی زۆر زەحمەتە و سوودی نییە. سیاسەتمەدار و کەسانی لەسەرخۆ و چەکدار بە پرنسیپەکانی دیالۆگی هاوچەرخ ، ڕێز لە بەرامبەر و قسەکانی خۆیان دەگرن و کاتێ هەڵەیەک دەکەن بەداوای لێبوردن چارەسەرناکرێت و کۆتایی پێ ناهێنن، بەلکوو دەبێ ئامادەن بۆ سزادان و ئەگەر کەسانی بەرامبەر سزای نەدەن، ئەوە پێویستە خۆی قەربووی ئەو هەڵچوون و بوختان و جنێوانە بداتەوە.

کاک هەڵکەوت عەبدولاّ، بەرپرسی و دەمڕاستی فیعلی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم، لە سیمینارێکیدا لە ژووری پێشمەرگە دێرینەکان، دەربارەی بزوتنەوەی ریفراندۆم و ریفراندۆمی ناڕەسمی کە ڕۆژی چوارشەممە 13ی مانگی یەک بەسترا، لە وەلاّمی پرسیاری ئەندامێکی بزوتنەوەی ریفراندۆم لە سوید (ستوکهولم) کەوتە هێرشکردن و سووکایەتی کردن بە د. مەحمود عوسمان و وەک بلێی داخی دەیان ساڵ و تولەی شەهیدانی کوردستان لە د. مەحمود عوسمان دەکاتەوە.

بەرئەوەی باسی هێرشی دڕندانەی کاک هەڵکەوت عەبدولاّ بۆ سەر د. مەحمود عوسمان بکەم، دەمەوێ بلێم من بەهیچ شێوەیەک نامەوێ ڕۆلی پارێزەری شەیتان بگێڕم و نە د. مەحمود شەیتانە یان پێشوێنەیە لای من و نەش کاک هەڵکەوت عەبدولاّ دژێکی منە. ئەوەی من دەمەوێ بیکەم تەنیا هەڵەسگاندنی هەڵسووکەوت و موراڵی سیاسیی سیاسەتمەدارانی کوردە لە هێرشەکانی کاک هەڵکەوت عەبدولاّ دا بۆ سەر د. مەحمود عوسمان.

ئامادەبووی کۆڕەکە، بوچۆنێکی دکتۆر مەحمود عوسمانی دەربارەی بزوتنەوەی ریفراندۆم، ئاراستەی کاک هەڵکەوت عەبدولاّی کرد و تی کە، د. مەحمود لە کۆڕێکیدا لە شاری ستوکهولم، بزوتنەوەی ریفراندۆمی بە کەمتەرخەمی و لاوازی هەڵوێست و چالاکی تاوانبارکردوە و..... (1).

لە وەڵامی ئەو قسانەدا کاک هەڵکەوت عەبدولاّ هەڵچوو و کەوتە هەرەشەکردن و سووکایەتی کردن بە د. مەحمود عوسمان و لایەنگرانی کاک هەڵکەوت و ناحەزانی د. مەحمود، کەوتنە دەستخۆشی کردن و دەمخۆشی کردن لە کاک هەڵکەوت و ڕاستە ڕاستەیان بۆ نووسی، وەک بلێی چەپڵە بۆ گۆرانیبێژێک لێدەدەن.

کاک هەڵکەوت بە بێ ئەوەی گومان بخاتە سەر ئەو قسانە و دڵنیابێت لە سەرچاوەیان یان بیرێکی سیاسی لێ بکاتەوە و ئەو قسانە ڕەت بکاتەوە بەشێوەیەکی سیاسیانە و هێمنانە، کەوتە تەقەکردن لە د. مەحمود عوسمان و مێژووی سیاسی ئەوی کردە دەفتەرێکی ڕەش. ڕەشتر لە گەورەترین جاش و نووکەری سەددام.

کاک هەڵکەوت وتی کەوا، د. مەحمود ماستاوچییە و تەمەلوق و درۆ بۆ پارتی و یەکیەتی دەکات بۆ ئەوەی جێگا و کورسی پەرلەمان پێی بدەن، و لە لایەکی ترەوە لە گەڵ ئاژانسەکانی دەنگوباس قسە دەکات و خۆی بە ڕاستگۆ لە قەڵەم دەدات و پارتی و یەکیەتی بە درۆزن دەردێنێت. هەوەها وتی کەوا د. مەحمود لە سەرۆکایەتی دەگەڕێت و دەیەوێت خۆی وەک ڕابەرێکی کورد دەربێنێت. پاشان هاتە مێژووی ساڵانی 1992 و حزبی سۆسیالیست و زۆر شتی تر کە پێویست ناکات لەسەری بڕۆم.

من بەهیچ شێوەیەک ئەم قسانە نەبە درۆ نەش بە ڕاست لەقەڵەم دەدەم، ئەوە کاری د. مەحمود عوسمان و کاک هەڵکەوت هەبدولاّیە. هەر وەها کاری من نییە باسی سیاسیەتی ئێستای کاک هەڵکەوت بکەم لە گەڵ پارتی و یەکێتی و بەراوردێک لە نێوان قسەکانی کاک هەڵکەوت بکەم دەربارەی د. مەحمود و هەڵسووکەوتی کاک هەڵکەوت لە گەڵ پارتی و یەکیەتی و ئایە ئەو ئەم حەکیمیەی لە گیانی خۆی گرتووە یان ڕاستیەکە و ئەبێ بیلێت. نووسینی ئەم دێرانە تەنیا بەمەبەستی دانی وێنەیەکی ئاشکرایە بە خوێنەر، بۆ ئەوەی بتوانین ئەخلاقی سیاسی هەندێ سیاسیەتمەدار هەڵسەنگێنین.

پاش 20 خولەک ولە دوای تولەسەندنەوەیەکی ڕۆژهەڵاتیانە لە د. مەحمود و هەندێ ئیسراحەت و تەلەفۆن و مەسیج ناردن، کاک هەڵکەوت وەک سەرکەتووەکی جەنگ هاتە قسە و وتی کەوا لەوانەیە نەختێ هەڵچوون لە قسەکانیدا بێت.
لەدوای دەرکەوتنی ئەو قسانە لە دەمی کاک هەڵکەوتدا و کێشانی هەناسەیەکی سەرکەوتن، ئەو کاتە زانی باسی کێ دەکات و هێرشی کردۆتە سەر کام کەسایەتی. کەسایەتیەک کە کاک هەڵکەوت ناتوانێت پێشبڕکێ لە گەڵ بکات، نە لەلای پارتی و نەش لە لای یەکیەتی، بۆیە بۆ ئەوەی زیان بە جێگای نەکەوێت و لە ترسی ئەوەی د. مەحمود شکاوەتی لێ بکات لای دەسەڵاتدارانی کوردستان، پاشەکشەیەکی شەرمنانەی هەڵبژارد. ئەمە لە قامۆسی سیاسیدا و لە مورالی و ئەخلاقی سیاسیدا پێی دەوترێت نیفاقی سیاسی.
چونکە ئەگەر ئەو قسانەی کاک هەڵکەوت دەربارەی د. مەحمود ڕاستبن، پێویست بوو بەر لەئێستا کاک هەڵکەوت باسی لێیان کردبا. کەباسیشی کرد نابێ پوشمان ببێتەوە لێیان، مەگەر ژیانی سیاسی خۆی لەسەری داناوە. ئەگەر ئەو قسانەشی درۆ و دەلەسە و بوختانن، ئەوە دەبێ نەک دواوای لێبوردن بکات بەلکوو پاشەکشە لە ژیانی سیاسیش بکات.
کاک هەڵکەوت لە دوای هەوڵدای بۆ ڕەشکردنی ناوی د. مەحمود و سووکایەتیکردن بە ژیانی سیاسی ئەو و بۆ ئەوەی خۆی لە کاردانەوەکان ڕزگاربکات، پاشگەزیەکی نا ئاشکرای هەڵبژارد. ئەو پاشگەزیە بای ئەو نەبوو، ئەو گومانانەی کاک هەڵکەوت دروستی کردن لای هەندێ کەس، بسڕتەوە. بە پێچەوانەوە پاشگەزبوونەکەی بەمەبەستی شاردنەوەی هەڵچوونەکەی و تۆڕەنەبوونی بەرپرسیانی کوردستان بوو. کاک هەڵکەوت بە هیچ شێوەیەک نەی وت کە قسەکانی دەربارەی د. مەحمود عوسمان تەواو نین.
کەواتە، نە بوێری دان بە هەڵەکان، لای هەبوو نەش سووربوون لەسەر ڕاستیەکان، بەلکوو کاک هەڵکەوت لە پشت پاشگەزبوونەوە لە هەڵچوونەکەی خۆی شاردەوە نەک لە هێرشەکان و ناوەڕۆکی قسەکانی.